# 8 ی مارس و ژنی کورد لەبازنەیەکی داخراودا

## کەژال ئیسماعیل

هەموو جەژن و بۆنەیەك تام و چێژ و مەراسیمی تایبەت بەخۆی هەیە، یەك لەو جەژنانەی کە لە تەواوی کۆمەڵگاکانی دونیادا پەیوەستە بە یەك بۆنە و لایەنەوە (8ی مارس)ە کەنزیکی سەدەو نیوێك لەمەوبەر لە ئەنجامی زوڵم و سانسۆر بەرانبەر بە ژن سەرچاوەی گرت. ئەوەش کاتێك بوو کەژمارەیەك لە ژنانی کارگەیەك لە شاری نیویۆرك بەهۆی نالەباری شوێنی کار و کەمیی مووچە و زۆریی ماوەی کارکردنەوە کە دەگەیشتە12سەعات لە رۆژێکدا نارەزاییان دەربری و دەستیانکرد بەمانگرتن کەلەلایەن پۆلیسەوەهێرشیان کرایەسەر و ژمارەیەکیان پێکران. ئەم رووداوە لەساڵی -1857ز- روویدا. هەر لە شاری نیویۆرك و نزیکی پەنجا ساڵ دوای ئەم رووداوە لەساڵی 1908 دا، لە یەکێك لە کارگەکانی چنینی ئەو شارە ژنێك گیانی لە دەستدا لە ئەنجامی کارەساتێکی دڵتەزێندا، ئەو رووداوە بوو بە هۆی نارەزایی دەربرینی ژنان و خۆپیشاندان تیایدا، ژنان دروشمی (نان و گوڵی سوور) یان بەرز کردەوە کەنان بەواتای سنبولی ژیان و، گوڵی سوور بە واتای سنبولی ئاسایش و دادپەروەری یە.

دوو ساڵ دوای ئەو خۆپیشاندانە، لەساڵی 1910دا کۆنفراسی ژنانی سوشیالست بەرێوەچوو، لەو کۆنفراسەدا رۆژی 8 مارس وەك رۆژی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافی ژن راگەیەنرا و، هاوکات ژنانی ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتانی ئەوروپا وەك (سویسرا، دانیمارك، نەمسا و ئەڵمان) لە رۆژی 8ی مارس دەستیان بە رێپێوان کرد وەك رۆژێك بۆ بەدیهێنانی مافی ژن. هەروەها ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی 1977، بەگوێرەی بریارێك، بەرەسمی رۆژی 8 ی مارسی بە رۆژی جیهانی ژن دانا.

لەو ساڵەوە رۆژی 8ی مارس وەك رۆژێکی رەسمی تایبەتەبە رۆژی جیهانی ژن کە لە سەرەتای مانگی مایسەوە خۆئامادەکردن دەست پێدەکات و، لە لایەن ژنان و رێکخراوەکانی لایەنگری مافی ژنانەوەسیمینار و کۆر و ئاهەنگی تایبەت بەو موناسەبەیە رێکدەخرێت.

**ئایا ئەو رۆژە چ خەسلەت و تایبەتمەندییەکی هەیەبۆ ژن؟**

ئەوەی گومانی تێدا نییە 8ی مارس وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ژیانی ژنانی جیهاندا بەتایبەت لە زۆرینەی کۆمەڵگا پێشکەوتنخوازەکاندا کە پابەندن بەرەوشی شارستانیی و مەدەنییەوە. بەتایبەت لەدوای سۆرشی پیشەسازییەوە کە گۆرانکاریی بەرچاویان لەبارەی تەکنەلۆجیاو زانست و رۆشنبیریدابەخۆوێ دیوە، ژن زۆر سوودمەند بووە و لەگەڵ سوورانی رەورەوەی ژیاندا، ژنیش لەم وڵاتانەدا دەورانی سووراو ە و ئازادی و مافەکانی دەستەبەر کراوە.

## ئاخۆ 8 مارس وەرچەرخانی مێژووییە لەژیانی ژنی کوردا؟

بێگومان کۆمەڵگەی کوردەواری کە دەیان ساڵە ژن تیایدا کۆیلەی قەیرانی کۆمەڵە، جگەلەچەوسانەوەو زوڵم و سانسۆر زیاتر،  هەرگیز نەبووە و نابێت کەسیستەمی ژنمەزنی یا دایکسالاری بەخۆوە ببینێ و ژنان لەسەرەتاییترین مافی ئینسانی بەهرەمەند بن، کۆمەڵگەیەك کەخاوەنی مێژوویەکی پڕ لە جەنگ و نەهامەتی و بەش بەش بوونە و، هەمیشە ناڵاندوویەتی بەدەست داگیرکاریی و شەڕو کاولکارییەوە.

کۆمەڵگەیەك کەخاوەنی  (700) ساڵ مێژووی پێش میلادە دەبوو لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی دونیا رۆشنبیرتر و  پێشکەوتووتر بێت کەچی تاوەکو ئێستا خاوەنی دەسەلات و دەوڵەت و یاسای خۆی نییە و، هێشتا بیری تەسکی سەدان ساڵ لەمەو بەر کاریگەرە لە سەر رەوشی ژیان و، هیچ کام لەشۆڕشە زانستی و رۆشنبیری و فیکرییەکان کاریان لە گۆڕین و بەرەوپێشچوونی نەکردووە!
کۆمەڵگەیەك کە خۆی کۆیلەی ئەو هەموو قەیران و سانسۆر بێت ئەبێ ژن چۆن تێیدا مامەڵە بکرێت؟!
کە هەرگیز خاوەنی سەربەستی و ئازادی نەبووە و هیچ کام لەمافەکانی دەستەبەر نەکراون.
کۆمەڵگەیەك کە لە ژێر قەیرانی بیری تەسکی عەشایەرگەری و پیاوسالارییدا کۆیلەیە، کۆمەڵگەیەك کە ملکەچی داواکانی ملهوڕی و سەرەڕۆیی و هەموو نەهامەتی و شەر و دووبەرەکی و کاولکاری یە کەرەنگدانەوەی لە سەر ژیانی ژن دیارە، ژنانی کردۆتە قوربانیی هەژاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیاو!
ژنی کورد تاوەکو ئێستا دەستدرێژی ئەکرێتەسەر و لەمافی خوێندن و کارکردن بێبەشە، بەزۆر بەشو ئەدرێت و ژن بەژنی پێدەکرێت، وەك کاڵایەك دەفرۆشرێت و لە میکرۆبی فرەژنی رزگار بوونی نییە.
ساڵی دەیان ژن بەدەست بەربەرێتی پیاوەوە بەناوی **(قەتلی نامووسی)** دەکوژرێن، یان لەتاو زوڵم و زۆریی کۆمەڵ گڕ لەجەستەی خۆیان بەر ئەدەن. لەسەر خاك و لە ناو نیشتمانی خۆیاندا ئاوارەن و لە سەرەتاییترین مافی مرۆڤ بێبەشن. بە ئارەزوو لەلایەن رژێمە شۆفێنی و دیکتاتۆرەکانەوە ئەفرێندرێن و بەندی زیندان ئەکرێن. ژنی کورد لە سەر شۆستە و بەر دەرگای مزگەوتەکان بۆ بژێوی ژیان سواڵ دەکەن.  سەدان ژن چاوەڕێی گەڕانەوەی سەفەری هەژدە ساڵەی ئەنفالی باوك و براو هاوسەرەکانیانن و، چاوەڕوانی قەرەبووی زیانن.

لەکۆتاییدا، هیوادارم ژنی  کورد  8ی مارس بکاتە رۆژی گەڕان بە دوای خودی خۆیدا و، هێندەی خۆی سەرقاڵی گەڕان دەکات بەدوای مۆدێل و ئێکسسوار و مێکئاپدا،  بە دوای کتێبی زانستی و فیکریدا بگەڕێت و زەخیرەی رۆشنبیریی خۆی دەوڵەمەند بکات تا چیتر لەنێوان چوار دیواری پۆڵاییندا بەندی پیاومەزنیی نەبێت و بە گژ هەموو زوڵم و قەیرانێکی کۆمەڵدا بچێتەوە و زۆر ئازا و بوێرانە داکۆکی لە ماف و بوونی خۆی بکات.